# سیاسەتی ئامریکا لەمەڕ کێشەی کورد "بانێکە و چەند هەوا"!؟

خەلیل غەزەلی
khalil.ghazali@gmail.com



خانم کوندالیزا ڕایس پاش چاوپێکەتن لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، لە کۆبوونەوەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە گەڵ ڕۆژنامەوانان ڕایگەیاند کە پکک دوژمنی هاوبەشی ئامریکا و تورکییەیە. ئەمە یەکێک لە ڕاشکاوترین هەڵوێستەکانە کە کاربەدەستێکی گرینگی ئامریکا(بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە)، لە پاش سەرهەڵدانی ئەو گرژی و ئاڵۆزییەی کە تورکیە بەمەبەستی تایبەتەوە ڕێخستووە،دەری دەبڕێ. چوونکە تا پێش ئەو هەڵوێستە ڕاشکاوانە کە بۆ ڕاگرتنی دڵی تورکییە دەربڕاوە، ئامریکا گەرچی بەرووالەت هێندێک هەنگاوی دژی پ ک ک هەڵگرتبوو، بەڵام بەکردەوە دەیویست لەمەر کێشەی کورد "تەعامول"ێکی تازە نیشان بدات. کە نموونەی هەڵوێست لە ئاست پەژاک(وەک هێزێک کە پێوەندیەکی تایبەت و ئۆرگانیکی بە پکک وە هەیە) بوو. جیا لەمەش ئامریکا باش دەزانێ کە نەتەوەی کوردی دابەشکراو بەسەر چەند وڵاتدا، خاوەن یەک کێشەیە و سۆزی نەتەوەیی کوردان لە هەرچوار پارچەکە سنووری داتاشراو ناناسێ، بۆیە لەم هەلومەرجەدا هەڵوێستی لەئاست کورد و کێشەکەی نابێ هێند پارادۆکساڵ بێت کە بچێتە فازی "یەک بان و دوو هەواوە". ڕاستە پێوەندی دیلیوماتیک و بەرژەوەندی لە ئارادایە، بەڵام ئامریکا دەبێ ئەوەش بزانێ لایەکی کێشەکەش نەتەوەی کوردە، کە بێگومان لە ئێستەوە تا داهاتوویەکی نادیار کێشەکەی قورسایەکی یەکجار گرینگی لە سەر بارو دۆخی ناوچەکەدا هەیە و مامەڵە لەگەڵ ئەم نەتەوە نابێ بەپێی "سەردەمی شەڕی سارد" بێت.

گەرچی دربڕینی ئەو هەڵوێستەی خانمی ڕایس جێگەی سەرسووڕمان نییە و بەپێی سروشت و ڕابردووی ئامریکا چاوەڕوانکراو بوو، بەڵام وا وێدەچێ چەقین لە گێژاوی داگیرکاریی ئێراق و ئەفغانستان، سیاسەتی ئامریکای لە ئاست زۆر کێشە و لەوانە لە پلانە درێژخایانەکانەوە گواستوەتە بۆ پراگماستیزمێکی هەلپەرستانە، کە تادێت لە هەلومەرجی سەردەمی شەڕی ڤییەتنام و شکست و شەرمەزارییە مێژووییەکەی ئەو سەردەمە نزیک دەبێتەوە.

ئەو هەڵوێستەی وەزیری دەرەوەی ئامریکا لە چەند لایەنەوە جێگەی ڕامانە. یەکەم ئەوەی کە دەسەڵاتی کوردی دەبێ باش بزانێ کە ئیمڕۆ لە ژێر فشاری تورکییە،بزووتنەوەی کورد لە باکووڕ دەبێتە دوژمن ی ئامریکا. بۆیە ئەگەری ئەوەش دوور نییە کە خانمی ڕایس یا ئاغای بووش بەپێی هەلومەرجی ئێراق و دەربازبوون لەم بون بەستەی تێ چەقیون و بۆ ڕاگرتنی بەرژەوەندی خۆیان باشووریش بە تێرۆریست ناو ببەن و موقتەدا سەدر بە دۆست و هاوپەیمان . یا لە مەعامله لەگەڵ داگیرکەران، بەتایبەت تورکییە و ئێران( کە لە ئێراق ریشی لە گرەوی ئەم دوو وڵاتەدایە)، جووڵانەوەی کورد بەگشتی بخەنە خانەی تێروریستی و لە ئەنجامدا ئاواڵە هێشتنی دەستی داگیرکەران بۆ سەرکوتی خوێناویی نەتەوەکەمان.

بۆ ڕوودانی سیناریویەکی ئەوتۆ ، ئامریکا ڕابردوویەکی باشی نییە و ئەوەی لە ڕابردوو لە ئاست نەتەوەی کورد نیشانی داوە، بێجگە لە دوژمنایەتی و فرۆشتنی بە بەرژەوەندیە حەقیرانەکانی خۆی، هیچی تر نەبووە. نموونەی زیندوو بۆ ئەم ئیدیعایە پشتیوانی کردنی حەمە ڕەزاشای لاوازی

پاش شەری دووەمی جیهانی بۆ سەرکوتی کۆماری کوردستان و رووخاندنی یەکەم کۆماری کوردی لە مێژوودا و بەتایبەت لەسێدارەدانی رێبەرانی کۆمار و لە سەرووی هەموویانەوە قازی موحەمەد. پاشتر بەشداریی ئیتلاعاتی- راوێژکاریی(موستەشاری نیزامی) لە سەرکوتی جوولانەوەی 46-47 ی رۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەنجامی رژانی خوێنی دەیان رۆڵەی تێکۆشەری نەتەوەکەمان و شکستی ئەو جوولانەوە بوو. لە هەمووی گرینگتر، هەرس هێنان بە شۆڕشی ئەیلوول وەک گەورەترین و گاریگەرترین راپەرین و بزووتنەوەی رزگاریی خوازی کورد لە باشووری کوردستان و سەرەنجام هاریکاریکردنی دەسەڵاتی تورکیە لە سەرکوتی بزووتنەوەی هەقخوازانەی نەتەوەکەمان لە باکوور بۆ ماوەی زیاتر لە 20 ساڵ .کە هێشتاش بەردەوامە.
بەو هەموو ئەزموونە تاڵانەوە کە نەتەوەکەمان لە ئیمپریالیزم و ئامریکا بەتایبەتی هەیەتی، و بەو سەرکوت و قەلاچۆیەی کە داگیرکەران بە پشتیوانی و چەک و چۆڵی زلهێزان دەر هەق نەتەوەکەمان کردوویانە، گەلی ئێمە هیچ کات بواری خەباتی نەچووەتە فازی تێرۆریستی و فڕۆکە دزین و دیپلومات کوشتن و تەقاندنەوە و خۆ تەقاندنەوە. کەچی لە بەرابەردا هەمیشە بە تێرۆریست و خراپکار و موخەڕب ناوزەد کراوین و لە هەموو ئەم دونیایە تاقە هێز و کەسێک نەبووە لایەکمان لێبکاتەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە و پاش لانی کەم 100 ساڵ دزینی سامانی نیشتمانەکەمان و سەرکوت و وێران کردن و تەعریب و تەهجیر و تەرحیل و گرتن و زیندان و ئیعدام و دواکەوتوو ڕاگرتن، هێشتا هەر ماوین و لە کاتیکدا لەم ماوەدا بە جیدی هەوڵی توانەوەی یەکجاریمان دراوە، ئێستە لەهەموو کاتێک بە وزەتر و جەماوەریتر هاوار دەکەین: کورد زیندووە و تا "دیاریکردنی چارەنووسی بەدەستی خۆی" هەدا نادات.
لە چەند دەیەی ڕابردوودا کە نە وشیاریی نەتەوەی لە ئاستی ئێستادا بوو و نە هەلومەرجی جیهانی و ئامرازەکانی پێوەندی و گەشەی تێکولۆژی لەم ئاستەدا بوو و ئەم جیهانە لە دوو جەمسەردا کۆکرابووەوە و دیکتاتۆران لە خەفا و بێ دەنگ کوشتاریان دەکرد و زلهیزان پشتیوانیان دەکرد، نەتەوەی کورد بێیار و پشتیوان خۆی گەیاندە ئەمڕۆ و نەتوایەوە. بۆیە ئێستە ئیتر لە هەڕەشەی داگیرکەران و پشتیوانەکانیان هیچ باکێکی نییە و درێژە بە خەبات و مافخوازی دەدات.
بەڵام لەم سەردەمەدا، دوژمنانی نەتەوەکەمان دەبێ بزانن کە گەلی کورد سەبر و خۆڕاگریی سنووری هەیە و ئیستە ئیتر ئەوە دەسەڵاتدارانن کە کون و کەلەبەر و کەلێنی زەربەخواردنیان زۆرترە. ئێمە لەسەر خاک و نیشتمانی خۆمانین و ئەوەی پەلامارمان بدات و ئەوەی یارمەتی پەلاماردەران بدات دەبێ چاوەڕوانی ئەوەش بکات کە نەتەوەی کورد بەپێی بڕیاری جاڕنامەی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ، بە کەڵک وەرگرتن لە هەر ئیمکانێک لەخۆی دیفاع بکات.

**خەزەڵوەری 2707**